کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-8-2007 18:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دەستەی نازانایانی ئاینی ئیسلامی عێراق بە چ حەقێک گەف و گوڕ لە کۆمپانیا بیانیەکان دەکەن کە لە کوردستان نەوت و غاز دەر نەهێنن و گرێ بەست لە گەڵ حکومەتی هەرێم نەبەستن ... باوکی شازاد**

پاش ئەوی پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستانی پەسند کرد کۆمەڵێک لە شۆڤینیە عارەبەکان و هەندی لە کۆنە پیاوەکانی ڕژێمی داڕماوی لە ناو چووی سەددام و کۆنە پەرستە ئیسلامیەکان ئۆقرەیان لی هەڵگیراوە خۆیان ئەدەن بە دار و بەردو شاخەکانی کوردستان ودەستیان کردوە بە هوڕێنەی پڕو پوچ هەر وەکو چۆن جاری جاران دەیانکرد نازانن ئەو ڕۆژە ڕۆیشت ئەو باوکەیان مرد، لە بەر ئەوەی فێری ئەوە نەبوونە کورد خۆی دەسەڵاتی بە سەر سەروەت و سامانی خۆی دا هەبێت و بەرهەمە سروشتیەکانی ژێر زەوی دەر بهێنێت و بە خۆی گرێ بەست ئیمزا بکات لە گەڵ کۆمپانیا بیانیەکانی نەوت هەر ئەوەندە ماوە شەقبەرن لە داخا، ئەوان وا لێ ڕاهاتون کە سەروەت و سامانی کوردستان بدزن و بیفرۆشن وە پارەکەشی بە چەکی کوشندە بدرێت بۆ لە ناو بردنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان وجینۆسایت دژ بە ئێمە ئەنجام بدەن جا ئێستا چۆن چاویان بەرایی دەدات کوردستان ئارام بێت و پێشکەوتنی بەرچاو بە خۆیەوە ببینێت وەزۆر کەس ئاوەتەخوازە کە پاش چەند ساڵێکی داهاتوو ی نزیک کوردستانی خۆشەویستمان بگاتە ڕیزی دەوڵەتە پێشکەوتوەکان و کێ برکێ لە گەڵ دەولەتی ئیماراتی عارەبی بکات وەکوو کە چۆن ئێقلیمی (هۆنگ کۆنگ) لە ناو وولاتی چین بەشێکی جیاوازە لە گەڵ پارچەکانی تر وە یاسای تایبەتی خۆی هەیە. ئێمەش هەتاکوو لە گەڵ عیراقدا بمێنینەوە بەم شێوە دەبین جا ناحەزان چی دەڵێن با بیڵێن، ئێستاش زۆربەی ئەو عارەبە ئاوارانەی کە لە کوردستان نیشتەجێ بوون و بەهۆی شەڕی نێوان شیعەو سووننە شوێنەکانی خۆیان جێ هێشتوە ناو هەناویان بکۆڵەوە پڕیەتی لە ڕق و قینە دژی گەلی کورد هەر چەندە لە ژێر سێبەری کوردستانی ئارام ئێستا ژیانێکی خۆش و بێ ترس بەسەر دەبەن خۆیان و خێزانەکانیانی بە بێ ئەوەی کەس پێیان بڵێت لە پشتی چاوتان دوو برۆ هەیە هەروەکو دیمان چۆن لە کاتی تیپی فوتبۆڵی ی عێراقی لا جامی وولاتانی ئاسیاسەرکەوتنی بە دەست هێنا زۆر بە ڕاشکاوەیی هێڵی سوریان بازاند دژ بە یاسای هەریمی کوردستان ئالای بەعس و ئەنفالیان بەرز کردبووەوە و لە کوردستانێک کە بە فەرمی ئەو ئالایە چڵکنە ڕەفز کراوەتەوە. ڕۆژانە دەبینین تێرۆریستان لە ڕێگای ئەو ئاوارانە چۆن نا ئارامیان بۆ خەڵکی کوردستان دروست کردوە هەر چەندە ئێمە دەڵێین با وەکوو ئەوان نەبین بەڵام دیارە بێ سودە لە گەڵ ئەوانە زۆر ئاستەمە بەیەک ڕێگا دا ڕۆیشتن لە گەڵ ئەو کەللە پوتانە، بۆ نمونە زۆر گوێمان لە عارەبەکان دەبێت کە گلەیی ئەوە دەکەن چۆن دەبێت خەڵکی عیراقی لە وولاتی خۆی ئیقامە وەر بگرێت خۆ کوردستان لە عێراق جیا نەبۆتەوە پێیان دەڵێین ئەی چی بکەین باشە بە ڕای ئێوهی کورد کوژ؟؟ دەرگەی کوردستانیان بۆ بخەینە سەر پشت تێرۆریستە سەددامیەکان و تەکفیریەکان بێن بە کەیفی خۆیان شوێنەکان هەڵبژێرن بۆ ئەوەی بیان تەقێننەوە هەروەکوو چۆن خەڵکی کوردی بێ تاوانیان لە شاری کەرکوک خلتانی خوێن کردوە ئێستاش پارچەو ئێسک و پروسی تەرمی شەهیدەکانمان لە نەخۆشخانەی (توبی عەدلی) کەوتوە بێ ئەوەی کەس بیان ناسێتەوە ... لە بیرمە لە کاتی خۆی خزمێکی خوا لێخۆش بووم بۆی گێڕامەوە کە لە ساڵانی هەشتاکان لە ژوری بازرگانی بەغدا لە کۆبوونەوەیەکی ساڵانەدا یەکێک لە خاوەن کارگەکانی دروست کردنی مەڕمەڕو کاشی کە هاواری دەکرد دەیوت دەبێ ئێمە چیاو شاخەکانی (شیمال) هەمووی هەڵبکەنین و بیانگوازینەوە بۆ ناو عیراق دەبی وەکوو بیابانی لێ بکەین، لە سایەی خوا چیا سەر بەرزەکانی کوردستان لە جاران سەرکەش ترو سەوز ترن، دەبێ لە هەموو دونیا خەڵک بێت لە شوێنەکانی گەشت و گوزاری کوردستان بحەسێنەوەو ئێستا کورد خاوەنی خۆیەتی حکومەتی شەرعی خۆی هەیە با ناحەزان لە داخا یەخەی خۆیان دادڕن ئێمەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-8-2007 18:20

کورد زۆر ناخۆشیمان دیت و لە پێش چاومان ڕۆڵە ئازیزەکانمان ڕاپێچی قەسابخانەکانی عێراقی عروبە دەکران وگوللەباران دەکران دەبوایە پارەی فیشەکەکانی کە پێ دەکوژران خاوەن شەهیدەکە بیدابوایەو نەدەبا پرسەیان بۆ دابنێین وە جاری واش هەبوو چەند ڕۆژێک پیش لە سێدارەدانیان دەیان هێنانەوە ماڵەکانیان بۆ ئەوەی چاوی خەڵکی پێ بشکێنن و کەس بیر لە کوردایەتی نەکاتەوە ئێستا نۆرەی ئەوە هاتوە دوژمنانمان بە کۆسی خۆیان دا بکەون و بێن لە ژێر سێبەری ئاڵای کوردستان بحەوینەوە با ئێمە لەوان مرۆڤ دۆست تر بین لە بەر ئەوەی پێویستە مرۆڤ لە کاتی باڵا دەستیا ئاوڕی مرۆڤانە لە خەڵکی لێقەوماوو بداتەوە بۆ ئەوەی جیاوازی هەبیت لە نێوان ئێمەو ئەواندا بژی کورد بژی کوردستان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.